## وەرزی 2019

لەساڵی ٢٠١٩ دوو چالاکی ئەنجامدرا. چالاکی یەکەم ئەرکی خوێندنەوە بوو کە لە ١٥ تا ٣١ی ئایار کە لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری شاری سلێمانی ئەنجامدرا. کاری هەڵکۆڵین لە گردەکەدا لە ١٤ی ئەیلول تا ١٣ی تشرینی یەکەم ئەنجامدرا.

شاندی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە تابلێتەکان ( Philippe Clancier & Julien Monerie)

ئەم شاندە بە شێوەیەکی سەرەکی تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە تابلێتەکان و پارچەکانی تابلێتە مێخیەکان کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە ناوچەی E ئەنجامدرا.

تەنیا دوو تابلێت هێمای مێخیان لە سەر دیاربوو، لەنێویاندا M. 632 کە لەسەریان دا باسی یەکەی پێوانە GUR ی سوبارتو کراوە. هەروەها کارەکانی خاوێنکردنەوە بۆ چەندین تابلێت ئەنجامدراوە کە لە وەرزەکانی پێشوودا دۆزراونەتەوە کاریان لە سەر کردووە و بەردەوام بوو.

### کاری هەڵکەندن

ئەو سێ ناوچەی کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە کراونەتەوە (B، C و E) بە درێژی بەردەوام بوون لە هەڵکۆڵین.

### ناوچەی B (Aline Tenu)

ئامانجی کاری هەڵکۆڵینی ساڵی ٢٠١٩ دەستپێکردنی هەڵکۆڵینی بینای B. 715 بووە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ناوچەکەوە. ژوورێک لەوێ دۆزرایەوە بە ناوی L. 742. ڕووبەرەکەی بەلانیکەم 30 م$^2$ و وە هێشتا کۆتایی باشووری نەدۆزراوەتەوە. بە ئەنقەست پڕکرایەوە و نیشتەجێبوونەکە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەم دەگەڕێتەوە لەوێ دۆزرایەوە. ئەم چینە بە گڵێنە تایبەتمەندە کە بە شێوەیەکی دەوڵەمەند بە نەخشی ئەندازەیی و ئاژەڵی و مرۆیی ڕازێنراونەتەوە. دواتر لە سەردەمی ئاسندا دیسانەوە ئەو ناوچەیە نیشتەجێووەتەوە.

## ناوچەی C (Barbara Chiti)

لێکۆڵینەوەکانی ئەمساڵ لەسەر بەشی باکووری ڕۆژئاوای ناوچەکە بوو. لە باکووری بینای B. 517، شوێنێکی کراوەی فراوان هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجامدرا. ئەرزەکەی کە بە وریاییەوە بە بەردی چەوە داپۆشرابوو، بە پاشماوەی شکاوی گڵێنە رووپۆشکراوە: گۆزە، تەشتی دەسکداری هەڵگەڕاوە، بەڵام گوێچکەماسیە دەریاییەکان پارچە پارچە بوون بەم شیوە دۆزرانەوە. بینایەکی بچووک کە لەوانەیە کورەی سورکردنەوەی گڵێنە بێت، کرابێتەوە سەر ئەم بەشەیە لە بەشی ڕۆژئاوادا. هەروەها دوو بینای دیکەش دەستنیشانکراون بەڵام کارەکان لەوێدا کەم ئەم ئەنجامدراوە. هەڵکۆڵینی ژووری باکووری بینای B. 517 دەستی پێکردەوە، ئەمەش ڕێگەی بە دۆزینەوەی ئەرزێکی نوێ دا. دیوارەکانی ئەم دواییەتر کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمدا دروستکراون و لەوانەیە لە سەردەمی ئاسندا چاڵکرابنەوە بۆ چەند مەبەستێک بەکاریان هێنابێت.

## ناوچەی E (Florine Marchand)

هەڵکۆڵینی ناوچەی E سەرەتا درێژکرایەوە بۆ باکوور، ئەمەش وایکرد سنووری باکووری بینای دۆزراوە B. 659 و لە گەڵ گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی و ژوورێکی نوێ (L. 911) درووست بکات. هەڵکۆڵین لە بینایەی B. 659 بەردەوام بوو کە لە باشووری ژووری L. 692 لە ساڵی 2018 دۆزرایەوە. ژوورێکی دیکەی L. 915 ئەرزەکەی بە خشتی سورکراو داپۆشرابوو کە بە قیر نێوانەکانیان پرکراوەتەوە. گۆڕ و پێکهاتەی بیناسازیە بەردینەکان کە لەم کەرتەدا دۆزرانەوە پیشەیەکی دیاری نەکراویان هەیە، کە ڕەنگە هەموویان مێژووەکەیان بۆ سەردەمی سەدەی ناوەڕاست یان مۆدێرن بگەڕێنەوە.

## لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی شوێنەواری ئاژەڵ (Michaël Seigle)

لێکۆڵینەوە لە ئاژەڵەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو توخمە ئێسکانە چڕبۆتەوە کە لە کاتی هەڵکۆڵیندا لە سێ ناوچەکەدا خراونەتە ڕوو، هەروەها لە شوێنی هەڵکۆڵین، تا ئەو کاتە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، هەروەها لە ناوچەکانی B و C و E هوە هاتووە، بە گشتی 3304 پاشماوەی ئێسک دۆزراوەتەوە. ئاژەڵە ناسراوەکان زیاتر ئاژەڵی بزنە، بەڵام جۆراوجۆرییەکی زۆری لە ئاژەڵە کێوییەکان هەیە. ئێمە پاشماوەی جۆرە ئاژەڵە ئاوییەکانمان دۆزیوەتەوە، وەکو ماسی ئاوی یان گوێچکەماسی، لە شیردەرە گەورەکان، وەک ئاسک، ئاسکی فارسی، مەر و کەروێشک. هەروەها چەندین ئاژەڵی تر ناسێنراون وەک ورچ، شێر،

پڵێنگ و ڕێوی سوور. ئەم جۆرایەتیە گرنگی بەخێوکردن بۆ گۆشت و بەرهەمەکانی وەک شیر، خوری و، قۆچ یان ئێسک دەخاتە روو، بەڵام هەروەها بەکارهێنانی ژینگەیەکی کەم تا زۆر نزیک لە ناوچەکە لەگەڵ ناوچەکانی ڕووبار، شاخ، دارستان و دەشتەکانی دەوروبەری.

**لێکۆڵینەوەی  جیۆ-شوێنەواری (Pantelitsa Mylona)**

ئامانجی ئەم کارەی هەڵکۆڵین بریتیە لە هەڵسەنگاندن توێژینەوەی جیۆ-مۆرفۆلۆژی بۆ لێکۆڵینەوە لە تەکنیکەکانی بیناسازی بە گشتی (دیوار و ئەرز) و دارِشتنی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی جۆرەکانی سەرەوەی بناغەی دیوارەکان لە سەر ئەرزە ناوچەکانی، B، C و E دیارە کە هەڵکۆڵین تیایاندا بەردەوامە. دوو جۆری سەرەکی سەرەوەی بناغەی دیوارەکان جیا دەکرێنەوە: کە بەکارهێنانی "خشت" یان "تۆپە قور" و ئەوەی کە بە جێگەی دووریز لە دیوار دروست بکات. 32 نمونە وەرگیراون کە نیوەیان لەمساڵدا لێکۆڵینەوەیان لە سەرکراوە.

**لێکۆڵینەوە لە ئامرازە بەردینیەکان (Florine Marchand)**

بیست و دوو پارچەی ئامرازە بەردینیەکان (حەڤدە تەلەزمە و، چوار بەردی نەناسار و دیارینەکراو و یەک لە پۆرفیری جۆرێکی تری ئامرازی بەردە) لە کاتی کارکردندا لە ناوچەکانی B و C کۆکرانەوە. ئەمساڵ هیچ پارچەیەکی ئۆبسیدین نەدۆزراوەتەوە. جگە لەوەش، لە ناوچەی کارکردن E هیچ ئامرازێکی بەردینی تێدا نەدۆزراوەتەوە. ئامرازێکی داتاشینی ڕەق و ئامرازە گەورەکانی بەردی لە ناوچەی B دۆزرایەوە، کە پشتگیری لەو گریمانەیە دەکات کە لانیکەم بەشێک لە ئامێرە بەردینەکان لە شوێنەکەدا درووستکراون.

**لێکۆڵینەوە لە گڵێنە دۆزراوەکاندا (Cécile Verdellet)**

لە ساڵی ٢٠١٩دا لێکۆڵینەوە لە گڵێنە لەسەر ئەو دۆزینەوانە بووە کە لە کاتی کارکردندا لە ناوچەکانی B و C و E ئەنجامدراون. چەندین چینی شوێنەواری لە ناوچەکانی بیناسازی B و C پارچەی گڵینەی سەردەمی ئاسنی نیشان دەدەن، ئەمەش نیشتەجێبوونی شاری خوارووی لەو سەردەمەدا پشتڕاستکردەوە. لە ناوچەی B، پارچە گڵێنەی نەخشکراو بە نەخشی جۆراوجۆر و لە نەخشی دێردا و قالبی دۆزرانەوە. مێژووەکەیان بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بۆ چەند شێوەیەکی زۆر تایبەت کەمکراوەتەوە، هێشتا مێژوویەکی وردی بۆ دیاری نەکراوە. ژمارەیەکی زۆر لە پارچە تەشتەکان کە دەسکی هەڵگەڕاوەیان هەیە (دەفری دەسکدار کە لە رووی ناوەوە بۆ کراوە)

ئەمساڵ جارێکی دیکە لە ناوچەی C دۆزراونەتەوە. هەندێکیان کەتەلۆکێکی نوێ پێکدەهێنن، تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە.